# پیاوی چاک بن دەست لەم عێراقە بەربدەن .

**حاجی ئەنوەر .5.5.2005**

شوێنی جوغرافی کوردستان وا هەڵکەوتوە کە کەوتوتە ناوچەیەکی ئاڵۆزی پڕ لەناکۆکی لە نیوان نەتەوە جۆربەجۆرەکانەوە کە تاوەکو ئێستاش ئەوناکۆکیانە چارەسەر نەکراون ، وەچاوەڕێش ناکرێت لە کورت ماوەیەکیشدا چارەسەر بکرێت ، چارەسەری کێشە نەتەوەییەتیەکان پابەندە بە باوەڕبوونی نەتەوەسەردەستەکان و دەستەلاتدارانی سیاسی و ڕۆشنبیرانیان بە مافی گەلانی لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان بەدەستی خۆیان ، لە جیابوونەوەیان ، یان پیکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە . ئەوەندەی پەیوەندە بە باشورو باشوری خۆرئاوای کوردستانەوە ، بەداخەوە نەتەوەی عەرەب لەکاتێکدا لەپاشەکشەو زەلیلە لەبەرامبەر هێزە بالادەستەکانی وەک ئەمریکاو ئیسرائیل و ئەوروپیەکاندا و لەکاتێکدا دنیایی ئەمڕۆ جیاوازە لە دنیایی پێشو ، کەچی هێشتا ئەو وولاتە عەرەبییانە بەهەمان عقلیەتی شمشێربازییەوە دەڕواننە مرۆڤ و ژیان ، ئەوەتا ڕۆشنبیری ناسراوی عەرەب ( زکریا تامر) بە بیستنی ووشەی کوردستان شاگەشکە دەیگرێت شو كردستان يا أخي ,أنتم عراقيين ولكم كأي عربي عراقي حقوق المواطنة, الا انتم وكل ما فعلتم وتفعلونه منذ البداية ولحد الآن أعمال شغب وعمالة الاستعمار ,انتم عملاء الاستعمار.(الكلام لتامر) . برام کوردستان چیە ، ئێوەعێراقین و وەک هەر عەرەبێکی تری عێراقی مافی هاوولاتی بونتان هەیە ، بەلام ئێوە هەرچیەکتان کردوەو دەیکەن هەر لەسەرەتاوە تا ئێستاش کاری ئاژاوە گێریی و کاری داگیرکارییە ، ئێوە بەکرێگیراوی داگیرکارانن . ( ئاخاوتنی تامر ) . دوای ئەوەی کەفی ڕق وکینە بەلغاوی پیسیا دێتەخوارەوە دەڵێت (- لا تقارنوا أنفسكم مع الفلسطينيين ,أنتم لم يكن لديكم يوما ما أرض ولا وطن محتل كالفلسطينيين. ولعلمك _ الكلام موجه لفريد زامدار_أنا أعطي الحق للنظم العراقي بقصف مدينة (حلبجة) بالأسلحة الكيماوية, لأنكم حملتم السلاح ضده ) . خۆتان بەراوردی مەکەن لەگەڵ فەلەستینیەکاندا ، ئێوە ڕۆژێک لەڕۆژان نەخاکتان هەبووە نە نیشتمانێکی داگیرکراو وەک فەلەستینیەکان ( ئەو ئاخافتنە روولە فەرید زامدار کراوە ) من ماف ئەدەم بە ڕژێمی عێراق کە بۆردومانی شاری هەڵەبجەی بە چەکی کیمیاوی کردوە ، چونکە ئێوە چەکتان لەدژی هەڵگرتبوو . زکریا تامرخۆی گێل دەکات لەوەی کە عەرەبەکان چەندە شانازی بە مام سەلاحەدینی کوردەوە دەکەن و ئەگەر خاڵێکی گەشیان هەبێت کەشانازی پێوە بکەن ، ئەو سەرکەوتنەیانە کەلەسەر دەستی مامی کوردان بەدەستیان هێناوە ، لەوەش خۆی گێل دەکات کە بەشێک لەکوردان خزمەتێکی زۆری برا عەرەبەکانیان کردوە ، خۆبەخشینی ژمارەیەک لە لاوانی کورد بۆ شەڕی ڕزگاری قودس بە سەرپەرشتی عومەرعەلی و لە خۆشەویستی قودسەوەیە کەرکوکیش ناودەبەن بە قودسی کوردستان . زکریا و ئەوانەی وەک زکریا کە زۆربەی هەرەزۆری عەرەبەکانن هەر لە پشتی حەمرینەوە بگرە تا دوا بستی ئەو زەویەی کە عەرەبە ئیسلامەکانی لەسەر دەژین ، هەر هیچ

نەبێت تۆزقاڵێک خاتری ئەو چەند حیزبانەیان بگرتایە کە ئەمڕۆ هەمو هەوڵ و هیلاکیان خستوەتە گەڕ بۆدروست کردنەوەی ئەو عێراقەی کە ناوزڕاو لانەی کۆنەپەرستی و منداڵدانی تیرۆرستانە . دەبێت ئەو حیزبە کوردیانەش ئەوڕاستیە بزانن کە ئەم حەمامۆلکێ منداڵانەیەی ئەوان دەستیان داوەتێ بۆ بنیاتنانەوەی عیراقێکی دیموکراتی فیدراڵی تعددی وپەرلەمانی ، هیچ لەبەرژەوەندی گەلی کورد نیەو خۆیان و خەڵکیش لەخشتەنەبەن چونکە لایەنە عەرەبیەکان نەک باوەڕییان بەو برایەتیەی کە ئێوەباسی دەکەن بەلکو ناتوانن بیرێکی لەو جۆرە قبوڵ بکەن ، کورد لەچاوی ئەواندا هەرچەندە گەورە بێت لە مەحکومێک زیاتر نیە ، تازەترین و سادەترین بەڵگەشم سوێند خواردنی ڕۆژی ئەم سێ شەمەی ناو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقە کە زۆردەمێکە ئەوان خەریکی فرت وفێڵن ، جێبەجێ نەکردنی مادەی **58** لەیاسایی بەڕێوەبردن بەڵگەییەکی تری باوەڕنەبوونی ئەوانە بەوبرایەتی و خۆسوتان و کورد سوتانەی ئێوە ، ئەگەرچی کورد سەرکەوتنێکی گەورەی لە کەرکوکدا بەدەستهینا ، بەلام بوونتان لەناو حکومەتی عێراقیدا بەم بارستاییەی ئێستا شتێکی کاتیەو تەمەنی تا کۆتایی ئەم ساڵە . بۆئەوەی رووسوربن بەرامبەر میژوو تەنها بۆ چەند خولەکێک چاوبکەنەوە و گوێچکە هەڵخەن بۆ گەلی کورد ، چونکە مێژوو دادگەرێکی دادپەروەرەو بەزەیی بە هیچ تاوانبارێکدا نایەتەوە .